# سامی عەودالْ



کەریم مستەفا شارەزا

شاعیر ئادەمیزادێکی بەهرەداری ژیرو هوشیاری هەست ناسکی ئەندێشە قووڵە ، ڕۆڵەی خاکی نیشتمان‌و جگەرگۆشەی نەتەوەکەیەتی لە هەناوی ئەوانەوە لەدایك‌دەبێ‌و بە ئاووهەوای وولاتە شیرینەکەی فرچك‌دەگرێ‌و بە سۆزو خۆشەویستی‌ی کۆمەڵەکەی پەروەردەدەبێ . لەو دەوروبەرە سروشتی‌و کۆمەڵایەتی‌یەدا دەبێت بە پارچەیێکی جودانەکراوە لە بوون‌و ژیانی ئەو چین‌و توێژەی کە تێیان‌دا سەرهەڵدەداو لە باوەشیان‌دا دەژی . بۆیە شاعیری چاك ئەو هونەرمەندە بەهرەدارە هەست ناسکەیە ، کە خۆشی‌و ناخۆشی میللەتەکەی لە ڕێبازی کاروانی ژیان‌دا بە ووردی دەربڕێ‌و تابلۆی ژیانی ئەمڕۆو دوارۆژی گەول‌و چینە کۆمەڵایەتی‌یەکەی خۆی بە جوانی بکێشێ .

شاعیری چاك نابێ لە بورج‌و بارووی گۆشەگیری دوور لە مەیدانی ژیانی زۆربەی زۆری ڕۆڵەکانی نەتەوەکەی‌دابژی‌و لە دۆڵێك‌و ڕۆڵەکانی میللەتەکەیشی لە دۆڵێکی تردا بژین . پێویستە پزیشکی چارەسەرکەرو شیفابەخشی دەردە کۆمەڵایەتی‌و ئابووری‌یەکانی گەلەکەی بێ . شادی‌و سەربەرزی نەتەوەکەی مایەی خۆشی‌و سەربڵندی خۆی بێ‌و ناخۆشی‌و دیلیشی هۆی دڵتەنگی‌و غەمباری خۆی بێ .

هەر چۆنێك لە شاعیر ووردبینەوە هەر دەگەینە ئەو ڕاستی‌یەی کە دەڵێ ژیانی تایبەتی شاعیر بەشێکی جودانەکراوەیە لە ژیانی کۆمەڵەکەی‌و شیعرو شاعیری‌یەتەکەیشی زادەی بەهرەی تایبەتی خۆی‌و سەردەم‌و دەوروبەرەکەیەتی ، بۆیە لێکۆڵینەوە لە شیعرو شاعیری‌یەتی هەر شاعیرێك دەمان‌باتەوە بۆ سەرچاوەی ژیانی تایبەتی ئەو شاعیرەو بۆ کات‌و شوێن‌و چۆنێتی سەرهەڵدانی لە ناو دەوروبەرو کۆمەڵەکەی‌داو ، بەبێ ئاوردانەوە لەو لایەنە گرنگە ، ناتوانین بە ڕاستی‌و بە ڕێگایێکی زانستیانە لە شاعیرو شیعرەکانی بکۆڵینەوەو مافی ڕەواو ڕاستەقینەی خۆیان پێ‌بدەین .

جا بۆیە وا ڕاستە ئەگەر بە کورتیش‌بێ ، چاوێك بە لاپەڕەی تۆماری ژیانی شاعیردا بخشێنین ، تا تێ بزانین کەی سەری‌هەڵداوەو چۆن ژیاوەو لە چ کۆمەڵ‌و چینێك‌دا پەروەردەبووە ؟ ئایا پایەی ڕۆشنبیری‌و تێگەیشتنی لە چ ڕادەو ئاستێك دایە ؟ کام شاعیری پێش خۆی‌و سەردەمی خۆی کاری تی‌کردووەو بەرەو دنیای شیعری بردووە ؟ کاری لە کام شاعیری

کورد کردووه ؟ لە چ بابەتێکی شیعردا بردووە ؟ کاری لە کام شاعیری کورد کردووە ؟ لە چ بابەتێکی شیعردا بەهرەی هونەریی پتر تەقیوەتەوەو بەرهەمی ئەدەبی ی بە هێزو پێزو ناسکی لێ دارشتوەو سەرنجی ئەدەب ناسانی ڕاکێشاوە ؟

**تۆماری ژیانی سامی عەودالْ :-**

(سامی عەودالْ) نازناوی شاعیری زەحمەتکێشی کورد ، (مەلا حوسێنی کوڕی بابە ڕەسوولی کوڕی خەلیفە ئەحمەد)ە ، لە ساڵی ۱۹۱۰دا لە گەڕەکی بایزاغا لە شارە دێرینەکەی (کۆیە) ، شاری هونەرو ئەدەبی کوردی ، لەدایك بووە . چاوی ژیانی بە جوانی باخو سەیرانگاکانی پشکوتووەو ، گوێ ی بە ئاوازی خۆشی بولبولانی شیوی رەزانی ئەو شارە دڵگیرەی کوردستان کراوەتەوە . لە خێزانێکی ئایینی دەستکورتی هەژار پەروەردەبووە . خوێندنی سوختەخانەو فەقێیەتی لە حوجرەی مزگەوتەکانی کۆیە دەستپێ کردووە ، تەمەنی شەش ساڵان بووە باوکی کۆچی دوایی کردووەو دایکی بە ژیانێکی نەمرو نەژی بەخێوی کردووە ، ماوەیەك لەلای مامەکانی خۆی خەلیفە نەجمەدین و مەلامحێدین خوێندوویەتی و ، لە دوایی دا لەپێناوی تەواوکردنی خوێندنی مەلایەتی گەلێ لە شارو دێهاتەکانی کوردستانی عیراق گەڕاوە ، ئەمجا هاتووەتەوە شاری کۆیەو ، لەبەر دەستکورتی ناچاربووە بە ڕۆژ بکەوێتە سەر کاسبی و نان پەیدا کردن و بە شەویش دەرسی مەلایەتی لەکن مامۆستا مەلا عومەری قەرەناوی بخوێنی و[1] ، بگاتە پایەو پلەیێکی باش لە فێربوونی زانستی ئایینی ، بەڵام لەبەر هەژاری ناچاربووە لە دوا قۆناغی خوێندنی مەلایەتی دەست لە خوێندن هەڵگری و ئیجازە وەرنەگری و ئیتر بە پیشەی پینەدۆزی ژیانێکی پڕ لە کوێرەوەری ژاوەو ماڵ و خێزانێکی پێکەوە ناوەو ، بە کلۆڵی و کوڵەمەرگی ژیانی دابین کردووە .

سامی عەودالْ تاکو ساڵی ۱۹۵۰ لە کۆیە بووەو ، لەدوایی دا لەبەر کزیی ژیان و گوزەرانی لەلایێك و غەدرلی کردنی مامەکانی و زەوت کردنی بەشە موڵك و ماڵەکەی لەلایێکی تر ، بە دڵشکاوی کۆیەی جێهێشتووەو ڕووی کردۆتە شاری هەولێرو هەربە پیشەی پینەدۆزی ژاوەو ماڵ و خێزانی بەڕێوەبردووەو تاڵاوی ڕەنج و کوێرەوەری ژیانی هەژاری چەشتووە ، ئەو ژیانە ناهەموارەی کارێکی تەواوی کردۆتە سەر شاعیرییەتەکەی و قووڵییەکی هەست پێ کراوی بە ناوەرۆکی شیعرەکانی داوە .

شاعیری زەحمەتکێشمان تاکوو ساڵی ۱۹۷۲ لە شاری هەولێر ماوەتەوەو بەدیار مەکینەیێکی دروومانی پینەدۆزییەوە دانیشتووەو نەمرو نەژی بەڕێوەچووە ، ئەمجا لەبەر پیری و بێتاقەتی دەست و بازووی چیتر ئەو کارو پیشە پڕ ڕەنج و ئەرکەی پێ نەکراوەو ، گەڕاوەتەوە کۆیەو وازی لە پینەدۆزی هێناوەو ، دوکانی بەقاڵی داناوەو ژیانێکی کەمێ ئاسوودە ژاوەو شوێنی دوکانەکەی نزیك پەیکەرەکەی حاجی قادری کۆیی ی مامۆستای گیانی بووەو ، هەموو ڕۆژێ بە دەیان لاوی ڕۆشنبیری ئەدەب دۆستی ئەو شارە سەریان لێ دەداو ، هونەری شیعری لێوە فێردەبوون و گوێیان لە چەند هۆنراوەیەکی دەبوو .

بەو جۆرە (سامی عەوالْ) ژیانێکی پڕ لە ژان و ئازاری هەژاری و کلۆڵی بەسەربرد ، تاکوو لە شەوی ۱۹۸۵/۱۲/۲۰ دا ، لە تەمەنی ۷۵ ساڵی دا کۆچی دوایی دەکات و ، تەرمەکەی بە شان و بازووی ئەدەب دۆستانی ئەو شارە لە گۆڕستانی «دەروێش خدر» لە کۆیە بە خاکی نیشتمان سپێردراوەو گیانی پاکی و کردەوەی چاکی و چەپکێ لە هۆنراوە پڕسۆزەکانی بە نەمری بۆ ڕۆڵەکانی نەتەوەکەی ماونەتەوە .

**سامی عەودالْ و شیعرو ئەدەبیاتی کوردی :-**

شاعیر وەك لە پێشەکی چەپکە شیعرە چاپکراوەکەی دا هاتووە لە تەمەنی ۱۷ ساڵی یەوە ئاشنای شیعری کوردی بووەو دەستی بە شیعردانان کردووە[2] . بەهرەی ئەدەبی خۆی و تام و چێژی شیعرە ناسك و پڕهونەرەکانی شاعیرە ناودارەکانی کوردی وەکوو نالی و سالیم و کوردی و حاجی قادری کۆیی و ئەدەب و صافی و قانیع ، بەرەو مەیدانی ئەدەب و شیعری کوردییان

بردووەو ، لەو سەردەمەی کە فەقێ بووە لە تەکیەکەی خەلیفە ئەحمەدی باپیری ، زۆربەی ئێوارەکان دەستەیەك لە شاعیرو ئەدەب ناسانی ئەو سەردەمەی کۆیەی وەکو غەفوور خانی ناودەشتو حاجی یە گەورەو حاجی محەمەد ئەمینی عەلەو خەلیفە نەجمەدینی مامیو سەید ئەحمەدی شێخ کەریم «حوسەینی ی شاعیر»و شێخ کەریمی حاجی شێخ مەحموودی بەرزنجی ، کۆڕی شیعریان بەستووەو لە هونەری شیعرەوە دواون ، سامی عەودالیش وەك فەقێیەکی زیرەکی حوجرەی ئەو تەکیەیە ، گوێی لەو گفتوگۆیانەیان ڕاگرتووەو فێری هونەری شیعردانان بووە[٣] .

لە سەرەتای شاعیریەتی دا چەپکە غەزەلێکی تەڕو ناسكو پاراوی داناوەو ، کاتێکیش کە لە چلەکان دا چۆتە ناو مەیدانی خەباتی سیاسی لە دژی حوکمی پاشەیەتی بۆگەن ، بەهرەی هونەری خۆی بۆ شیعری نیشتمانیو کۆمەلایەتی دانان تەرخان کردووەو ، چەند هۆنراوەیەکی جوانو سەرکەوتووی پێشکەش بە جەماوەری ئەدەب دۆستانی کورد کردووە .

وەك شاعیر خۆی گەلێ جار باسی دەکرد ، دەستەیەك لە شاعیرانی ناوچەی کۆیەی وەکوو یونس دلداری شاعیری هونەرمەندی کوردو محەمەد توفیق ووردیو محەمەد حەمەد «مسکین» لە سەرەتای ژیانی شاعیریيان سوودیان لێوەرگرتووەو ، فێری هونەری شیعری کوردی کردوون .

سامی عەودالّ لە سەردەمی ژیانی فەقێیەتی دا لە دێی «موغاغ»ی سەر بە پارێزگای سلێمانی بە قانیعی شاعیری چەوساوەکانی لادێی کوردستان دەگاتو ، دۆستایەتییەکی بەهێزی لەگەڵ دا پەیدادەکاتو زۆر یەکتریان خۆش دەوێ ، هۆی ئەمەش هەر دەگەڕێتەوە بۆ وێکچوونی باری ژیانیانو هەستکردنیان بە ئێشو ئازاری زەحمەتکێشیو هەژارییان . جارێکیان هەردووکیان ڕێك دەکەون هۆنراوە ناودارەکەی «ئەی وەتەن ڕۆمو عەجەم موشتاقی کوردستانتە»ی ئەحمەد حەمدی صاحێبقران بکەن بە پێنج خشتەکیو بە باشی لێی سەردەکەون .

سامی عەودالی شاعیر لەگەڵ دامەزراندنی یەکێتیی نووسەرانی کورد لە ساڵی ١٩٧٠دا بووە بە ئەندام لەو یەکێتی یەو لە هەموو کۆنگرەکانی دا بەشداری کردووەو لە میهرەجانی شیعر خوێندنەوە لە هەولێر لە ساڵی ١٩٧١دا شیعری خوێندۆتەوەو سەرنجی ئەدەب ناسو شیعردۆستانی کوردی ڕاکێشاوەو لەگەڵێ کۆڕو کۆبوونەوەو سیمیناری ڕۆشنبیریو ئەدەبی کوردی بەشداری کردووە .

شاعیرمان دیوانێکی گەورەی شیعری هەمە جۆری هەیەو ، زۆربەی هۆنراوەکانی غەزەلی دلداریو شیعری سیاسینو ، لە ساڵی ١٩٨٣دا چەپکە شیعرێکی لە ئامادەکردنو پێداچوونەوەی نووسەری ئەم چەند دێڕەو بە پێشەکی نووسەری لاو ڕەفیق مەجید عەبدوڵڵا ، لە بەرگێکی جوانو نایابو لە ٩٦ لاپەڕەی قەبارە گەورەی سپی ، لەلایەن ئەمینداریەتی ی گشتی ی ڕۆشنبیریو لاوانی ناوچەی کوردستان چاپ کراوە .

**سامی عەودالّو شیعری ئایینی :-**

سامی عەودالّ لە سەرەتای شاعیری یەتی دا وەك شاعیرێکی شیعری ئایینی سەری هەڵدا ، هۆی ئەمەش ئاشکراو روونەو دەگەڕێتەوە بۆ ئەو دەوروبەرە ئایینی یەی کە تێیدا پەروەردەبووە ، ئەم دیاردەیەش یەك لە نیشانەکانی ڕێبازی شیعری کلاسیکی کوردی بووە ، بۆیە شاعیری مەلامان بە باوەڕێکی ئایینیو بە بیرو بۆچوونێکی فەیلەسووفانەوە ڕوودەکاتە دەرگانەی خودای پەروەردگارو دەڵێ :- « ئەی خودایە تاکەی مانگو خۆرو ئەستێرەکانی ئاسمان لە هاتوچوودابنو تاکەی چەرخی گەردوون دەسووڕێتەوە ؟ دەبێ کەی دنیاو زەمانە کۆتایيان بێ ؟ کۆنو تازە چۆننو چۆن دێنو چۆنیش دەبڕێنەوە ؟ شاعیری ئەندێشە قووڵمان ئەو پرسیارە سەرسوڕمێنانە لە خودای پەروەردگار دەکاتو چاوەڕوانی وەرامێکی دلخۆش کەرە تاکوو ئەو گرێیە ئالۆزانەی ناو بیرو لێکدانەوەی بۆبکاتەوە . ئەو پرسیارو بۆچوونانەی دەکات بە

پێنج خشتەکی یەکی جوانو سەرکەوتووو ، بەم جۆرە دای دەڕێژێو ، دەڵێ :—

مانگو ڕۆژێ وا دەبینین چەرخەچی توولی زەمان
فەسڵی چوارەم ئاوو ئاگر هاتوچووی ئەستێرەکان
ئاخیری کەی دێ زەمانە چی بڵێ فیکری نەزان
هاتوچوونی چەرخی گەردوون تابەکەی دەخولێتەوە
کۆنو تازەی چۆنە یارەب چۆن دەبێ بڕێتەوە ؟[٤]

شاعیر لەم پێنج خشتەکی یەی دا دەمان خاتە ناو دەریاییکی قووڵی بێ بنی ئەندێشەو لێکدانەوەیەکی فەلسەفەی بوونو مردنو پەیدابوونو لەناوچوونی شتەکانی ئەم دنیاو گەردوونە سەرسوڕمێنەی کە لە ناویاندا دەژینو هەموو جۆرە تاقی کردنەوەیێکی ژیانیان لەناودا دەبینین .

## سامی عەودالو شیعری دڵداری :—

شاعیری هەست ناسکمان هەروەك لە شیعری ئایینیدا هونەرمەند بووەو ، چەپکێك شیعری پتەوی بۆ داناوین ، لە غەزەلی دڵداریشدا بازوو بەهێزو دەستەڵاتدارەو ، کۆمەڵە شیعرێکی ناسکی دڵداری بۆ دارشتووین ، لە هەڵبژاردنی ووشەی پتەوو کێشی سوارو سەروای بەهێزو وێنەی شیعریدا زۆر وەستایەو بە کەمێك ووردبوونەوەو سەرنجدان هەست دەکەین شیعرەکانی لە تای تەرازووی شیعری کلاسیکی ڕەسەنی کوردیدا کەم سەنگ نین .

شاعیر لە هۆنراوەیەکی دڵداریدا بە ناونیشانی «پەرچەمی چین چین» هەموو هەلو مەرجو نیشانەیێکی شیعری کلاسیکی کوردی وەستایانە تێدا بەکارهێناوە ، وەك ووشەی جوانو کێشی ئاوازەدارو ناوەرۆکی گەشو پتەوو ، لە سەرەتاکەیدا دەڵێ :—

پەرچەمی چین‌چین لەسەر ڕووی هەر کە دێتە پێشەوە
ڕۆژی ڕوخساری دەگیرێ ، چاوەڕێم بکرێتەوە[٥] !
شێخی مورشید گەر ببینێ وێڵو سەرگەردان دەبێ
عەینی مەجنوونە لە شاخان ڕۆژو شەو دەخولێتەوە
تیری موژگانی لە جەرگم خەنجەرێکی کاری یە
تیغی عاشق‌کوژ عەزیزان خوێنی لێ دەتکێنەوە[٦] !

دوای ئەم پێشەکی یە سەرکەوتووەی هۆنراوەکەی ، شاعیرمان وەك شاعیرێکی کلاسیکی گەورە دەکەوێتە وەصفی برژانگی تیژی وەك تیری یارەکەیو فرمێسکی خوێنینی چاوەکانی خۆی بۆ دولبەرە جوانو بێ ڕەحمەکەیو بەستنی شەرتو پەیمانی وەفاداری لە نێوانی خۆیو یارە نازدارەکەی . کە شیعرەکانی دەخوێنێتەوە ، وا تێ دەگەین شیعری شاعیرێکی شاگردی مستەفا بەگی کوردی (١٨١٢—١٨٥٠) یاخود تایەر بەگی جاف (١٨٧٥—١٩١٧) دەخوێنینەوە هەروەك دەڵێ :—

ئەی ڕەفیقان لۆمەکاری من مەکەن ئێوەو خودا
هەر کەسێ لێی دا بە موژگان زەحمەتە هەستێتەوە
ئەشکی خوێنینم لە چاوان وەختێ وەستانی نی یە
با نەژیم توخوا بەزەحمەت بمکوژەو ببڕێتەوە !
«سامی» غەمبارو هەژارە بۆچی نەبتە باخەوان
چەندە خۆشە دوو هەژار پەیمان ببەستن پێکەوە[٧] !

شاعیری شیعرناسکمان هەر لە بواری غەزەلی دڵداریدا ، لە هۆنراوەیەکی دا بە ناونیشانی «بولبولێکم» بە دەربڕینێکی ناسكو ووشەی جوانو سەروای پتەوو کێشی سوارو موسیقەدار ، ماناو مەبەستێکی شیعری تەڕو پاراو دەدات بەدەستەوەو دەڵێ :—

بولبولێکم من لە باغان پاسەوانی غونچەمە !
ڕۆژو شەو کارم گرینە تا سەحەر هەر ناڵەمە !
دوو گوڵن بۆ کوشتنی من زەردو سوورن زۆر جوان
خۆ ئەگەر بێ پێم بدا یار چی بوێ لێم هەر کەمە
سینە بەفری چاوخومارا ، ڕوو لە من کە ڕوو بە ڕوو
لادە پێچەت زەخمە جەرگم ئینتیزاری مەڵحەمە !
«سامیا» تۆ بۆ دەپرسی ئایینی خۆت پێ بڵێم
پێ بزانە (بەردی ئەسوەد) جێ مەقامی سوجدەمە[٨]

بە ڕاستی شاعیری کلاسیکیمان پارچە غەزەلێکی جوانو نایابی بە باڵای یارە جوانو نازدارەکەی‌دا دەبڕیٚو ، دەتوانم بڵێم شاعیر لەم غەزەلەیو لە پارچە غەزەلێکی دیکەی‌دا کە بە ناونیشانی «یارەکەم»ی دارشتوە ، گەیشتوەتە پۆپەی سەرکەوتنو گەیینی لە شیعری دڵداری‌دا ، هەروەك دەڵێ :—

چەند جەزامدەی من ڕەزامە هەر عەزیزو یارمی
کەی گوتوومە لای کەسێکی باعیسی ئازارمی
چونکە سوڵتانی لەبەر دڵ گاهی ڕیزوانو دەمێ
بۆ دڵی غەمگینو بی‌کەس بولبولی گوڵزارمی
شێوەنو زاری کە «سامی» گرتووەو هەر تۆی سەبەب
لەشکری تاتاری پەشمە چونکە خۆت سالارمی (٩)

## سامی عەودالٚو شیعری نیشتمانیو سیاسی :—

شیعری نیشتمانیو شیعری سیاسی دوو جۆری ناسكو پڕ سۆزن لە شیعری ویژدانی ، جۆری یەکەم وەصفی خاکی نیشتمان دەکاتو ، سۆزو خۆشەویستی شاعیر دەردەبڕێ بەرانبەر بە خاکی وولاتو ژیانی ڕۆڵەکانی نەتەوەکەیو ، جۆری دووەمیش کە شیعری سیاسی‌یە ، لە هەستو سۆزو ئەندێشەی شاعیری نیشتمانپەروەری تێکۆشەرەوە دەدوێ کە چۆن لە ڕێگەی هۆنراوە پڕ سۆزەکانی‌یەوە بەشداری لە تێکۆشان لەدژی دوژمنانی خاکی وولاتو لە پێناوی سەربەرزیو ئازادی میللەتو لەناوبردنی زۆرداریو چەوساندنەوەو هەموو هۆیەکی دواکەوتنی ڕۆڵەکانی نەتەوەکەی دەکات .

شاعیر لە نموونەی شیعری نیشتمانی چەند هۆنراوەیەکی ناسکی پڕ سۆزی پێشکەش کردووین ، لەوانە هۆنراوەیەکی‌یەتی بە ناونیشانی «خاکی کوردستان» زۆر بە جوانی دیمەنە خۆشو دڵگیرەکانی کوردستان دەردەخات بەڵام ئەوەی سەرنجی خوێندەواران ڕادکێشێ ، زمانی دەربڕینی شیعرەکەیەتی ، وا دیارە شاعیر لە دەربڕینی ووشەی سەروای دێڕە شیعرەکانی پشتی بە ئاخاوتنی لکە شێوەی موکریانەوە بەستووەو لە جیاتی بڵێ : «سەیران ، باران ، هیران ، سۆران . . . هتد» گوتوویەتی : «سەیرانێ ، بارانێ ، هیرانێ ، سۆرانێ . . . هتد» ئەم کارەیشی ئاستی هونەری شیعرەکەی دانەلەنگاندووە ، بە پێچەوانەوە ، جۆرە ئاوازو مۆسیقایێکی ناسکی بە کێشو سەروای دێڕەشیعرەکانی داوەو گوتوویەتی :—

ئاگری لە دڵی بەردوام ڕۆژی کەیفو سەیرانێ ،
مەحاڵە بکوژێتەوە بە ڕێژنەی دەبارانێ ! !
سێو لە باخان نەخشاوە ، باخەکانی وا ساوا
نازەنینو سیساوە ، لە شەقلاوەو هیرانێ
سوورو سپی خەملاوە ، دڵم لەلا نەماوە
سەوزو سوور تێکەڵاوە ، لەناو خاکی سۆرانی (١٠)

دوای ئەم سەرەتایە جوانو سەرکەوتووەی هۆنراوەکەی ، دێتە سەر وەصف‌کردنی بەهاری ڕەنگینی وولاتەکەیو دەربڕینی دیاردە جوانەکانی ، لە گوڵو گوڵزارو چریکەی بولبولانو خاکی رازاوەی نیشتمانە ڕەنگینەکەیو دەڵێ :—

بەهار فەسڵی گوڵانە ، چریکەی بولبولانە ،
عاشق خاکی کوردانە ، با عالەم پی‌بزانێ !
نەسیم هەناسەی دێنێ ، غونچەی گوڵان دەژێنێ
ئەو گوڵانەی ڕەنگاوڕەنگ ، دێنەدەر لە نیسانێ

لە کوتایی هۆنراوەکەی‌دا شاعیر ئامادەیی خۆی لەپێناوی خۆفیداکردن لەرێی نیشتمانەکەی‌دا دەردەبڕیٚو دەڵێ :—

خۆ «سامی» ئەم شیعرانە «بۆ خاکی کوردستانە»
شاعیر لەتوپەتی‌کەی مەیلی وەتەن دانانی٠(١١)

سامی عەودالٚ وەك لەمەوبەر دەرمان‌بڕی پەیوەندیو دۆستایەتی‌یەکی پتەوی لەگەڵ قانیعی شاعیردا بووەو ، هەردووکیان لە یەك ماوەدا هۆنراوە ناودارەکەی «ئەی وەتەن»ی حەمدی صاحێبقرانیان کردووە بە پێنج‌خشتەکیو بە چاکی لە کارە ئەدەبی‌یەکەیان‌دا سەرکەوتوون .

سامی سەرەتای هۆنراوەکەی بەم جۆرە کردووە بە پێنج‌خشتەکیو دەڵێ :-

زێری ڕەش ، گەنجو خەزینەی سەروەتو سامانتە
هەندرێن ، قەندیلی ئاکۆ ، کێلەشین کوێستانتە
دەشتی بیتوێنو قەراجو گۆڕقەڕەج گەرمیانتە
«ئەی وەتەن ڕۆمو عەجەم موشتاقی کوردستانتە
ئیفتیخاری میللەتی کورد شەوکەوتی عینوانتە !»(١٢)

قانیعی شاعیری میللیش بەم جۆرەی خوارەوە هۆنراوە نیشتمانی‌یەکەی حەمدی دەکات بە پێنج‌خشتەکیو لە سەرەتاکەیدا دەڵێ :-

ئەی وەتەن ! بەینێکە پەستی مژدەبێ دەورانتە
خوێنی کوژراوانی کۆنت ، بۆیەیی هەیوانتە
گوێ لە هەرلا ڕاگری هەر گفتوگۆی لاوانتە
«ئەی وەتەن ڕۆمو عەجەم موشتاقی کوردستانتە
ئیفتیخاری میللەتی کورد شەوکەتی عینوانتە !»(١٣)

ئەگەر بە چاکی لە هەردوو بەرهەمەکەی سامی عەودالو قانیع ووردبینەوە هەست‌دەکەین هیچ کامێکیان تای تەرازووی هونەری شیعریان دانەلەنگاوەو ، هەردووکیان لە کارەکەیاندا سەرکەوتوونو ، کە سەرنج‌دەدەینە بەرهەمەکەی (قانیع) دەبینین بە شێوەیەکی گشتیو بە جۆرێکی سادەو ساکاری بێسنوورو چوارچێوە بۆدانان ، لە باری دەروونیی ڕۆڵەکانی نیشتمانەکەی دەدوێ ، کەچی کاتێ لە کارە هونەری‌یەکەی «سامی» ووردده‌بینەوە ، هەست دەکەین ووشەو دەربڕینی نوێی وەکوو «زێری ڕەش» کە مەبەستی لە «نەوت»ەو بە دەست‌نیشان‌کردنو ناوهێنانی کێوە بەرزەکانی کوردستانو دەشتە پانو بەرینەکانی ناوچەی گەرمیانی ، جۆرە بابەت‌کردنێکی داوە بە باری تۆپۆگرافی وولاتەکەی ، کە ئەمە لە شیعرەکانی «قانیع»دا هەست‌پێ‌ناکرێو بەم کارەیشی پلەو پایەی شیعرەکەی لە کارە ئەدەبی‌یەکەی «قانیع»ی هاوڕێی بەرزتر بۆتەوەو ، بە ڕای من هۆی سەرکەوتنەکەی «سامی»یش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو دەوروبەرەی کە لێی پەروەردەبووە ، «قانیع» بە زۆری لادێ‌نشین بووەو ، بووە بە شاعیری چەوساوەکانی لادێو «سامی»یش شارنشین بووەو ئێشو ئازاری ژیانی کارگەریی خۆی چەشتووەو بۆتە شاعیری چەوساوەکانی شار .

لەبارەی شیعری سیاسیشەوە ، دەبینین ئەو بابەتە ویژدانی‌یە پڕ سۆزو هەستە لەلای سامی عەودالدا ، لە غەمو غەمخۆری خۆیو هۆشو دڵسۆزیی بەرانبەر بە نیشتمانو نەتەوەکەیەوە سەری هەڵداوە ، هەروەك لە هۆنراوەیەکیدا بە ناونیشانی «بێچوە کورد» ئەمە هەست‌پێ‌دەکرێ کە دەڵێ :-

بێچوە کوردێکی خاکی کوردانم
دایم مەلوولو چاو بە گریانم !
خەم وەکوو زنجیر لەدەستو پێمە
وەك باری گران کەوتە سەر شانم
لەو خاکی واخۆش ، باغاتی ڕەنگین
بەبێ جێگامەو بێ دەرەتانم(١٤) !

شاعیر هەرچەندە غەم وەکو کۆتو زنجیر لە دەستو پێیدایەو بۆتە بارێکی گران بەسەر شانیەوەو لەناو ئەو هەموو باغو باغاتی جوانو ڕەنگینی کوردستانە ڕەنگینەکەیدا بێ جێو بێ دەرەتان ماوەتەوە ، بەڵام نائومێد نابێو دەزانێ دنیا دەوران دەورانەو هەردەم لە گۆڕاندایەو ، ڕۆژێك هەر دێ چەرخی زەمانە بە ئارەزووی ئەو ، بۆ چاکەی وولاتو نەتەوەکەی بسووڕێتەوەو دەڵێ :-

نا ئومێد نابم دنیا دەورانە ،
بەڵکوو دەسووڕێ چەرخی زەمانم ! !

سامی هەرچەندە لە سەرەتادا جۆرە نائومێدیو غەمو پەژارەیەکی نیشاندا بەڵام لە دواییدا لە چاوەڕوان‌کردنی دوارۆژێکی گەش بۆ نیشتمانو میللەتەکەی نائومێد نەبوو ، ئەمەش سەرەتای خۆڕاگرتنو وەرەبەرنەدانیەتی لە تێکۆشانی سیاسیدا.

شاعیر لە هۆنراوەیەکی دیکەی‌دا دەردی خۆی دەردەبڕێ کە کارگەرێکی رووت‌و برسی‌و بێ‌چارەیە ، پێویست‌ناکا لۆمە بکرێ چونکە بۆ دیلی‌و بەخسیری خۆی شێوەن دەکاو ، هەرچەندە هیچ چارەیەك بۆ دەردی هەژاریی خۆی دەستنیشان ناکات ، بەڵام بە جوانی دیمەن‌و نیشانەکانی دەخاتەروو ، ئەمەش سەرەتایەکە بۆ خۆرزگارکردن لە دیلی‌و ڕووتی‌و چەوسانەوەو ، دەڵێ :—

کارگەرێکم رووت‌و ناچار لۆمەکاریم بۆ دەکەن ؟
دیل‌و بەخسیرم لەبۆیە شێوەن‌و وەی وەی دەکەم (١٥)

شاعیری هەژاری چەوساوەمان وردە وردە دەچێتە ناو دنیای شیعری سیاسی‌و ، باری ژیانی هەژاریی چینی چەوساوەو رووەتی دوژمنانی لەناو باری ژیانی هەژاری‌و نەبوونی خۆی‌دا دەبینێ‌و تا زیاتر دەکەوێتە مەیدانی میللەت‌پەروەریی ، شیعرەکانی پتر بەهێزو گوردەبن ، هەروەك دەڵێ :—

من لەناو کۆتی فەقیری‌و دوژمنیشم پێم دەڵێ :
تۆ ڕەش‌و ڕووت‌و نەزانی ، دین‌و دنیا من هەمە (١٦) .

## سامی عەودالی شاعیری زەحمەتکێشی کورد :—

سامی عەودال شاعیرێکی ڕاستگۆی هەست‌ناسکی چینی زەحمەتکێشی کوردبووە ، لەچەند هۆنراوەیەکی سیاسی‌دا ، لە سەردەمی چلەکانەوە هۆو ئەنجام‌و دەردو دەرمانی ئێش‌و ژانی چینە زەحمەتکێشەکەی میللەتی کوردی بۆ دەستنیشان کردووین ، زۆر بە وردی‌و بە جوانی باسی هەژاریی‌و رووت‌و برسی‌یەتی چینی زەحمەتکێشی لە ڕێگەی هەژاری‌و داماوی خۆیەوە ، لە قاڵبێکی هونەریی جوان‌و پرسۆز دادەرێژێ ، بەبێ ئەوەی ڕێگای چارەسەرکردن بۆ ئەو دەردە کۆمەڵایەتی‌و ئابووریانە بدۆزێتەوە هەروەك لە هۆنراوەیەکی‌دا بە ناونیشانی «هۆی چوونم بۆ هەولێر» ئەم ڕاستی‌یە دەردەخات‌و دەڵێ :—

من فەقیرو دڵ حەزینم بۆ هەژاریم خەم دەخۆم
رووت‌و برسی‌و دەردەدارم ساڵێ جارێ خۆم دەشۆم
سابونم گڵەحەمامە دەچمە ناو مزگەوتەوە ،
هەر بە نینۆك پارەپارەو شەق‌شەقم‌کرد قەڵپی خۆم
خۆم بسووتێنم بە سووتان ، با بسووتێم چاکترە
لەو ژیانەی وا بە تەنگی حەسرەتی یەك نانە جۆم
ڕایەخم ئەرزە سەرینم ، پێ‌خەف‌و چەترم سەما
لانەوازو دڵ‌حەزینم بێ دەرو دێوانە خۆم (١٧)

سەیری‌کەن چەند هونەرمەندانە تابلۆی هەژارێکی چەوساوەی ڕووت‌و برسی‌ی حەسرەتەومەندی نانە جۆیەك‌و لانەوازێکی دەربەدەرو بێ‌رێ‌وجێ دەکێشی‌و ، سەرەتای هۆنراوەیەکی سیاسی بەهێزو پێز دادەمەزرێنێ ، ئینجا دێتە سەرباسی بێ‌ئیشی‌و دەست‌بەتاڵی‌و ، دەردێکی تری کۆمەڵایەتی‌و ئابووری میللەت دەست‌نیشان‌دەکات ، کە لەوەو پێش هەندە گرنگی پێ‌نەدراوە ، ئەو دەردەش «بێ‌ئیشی»یە ، کە دەردو بەلایێکی سامناکە بۆ چینی کارگەران‌و دەڵێ :—

ڕۆژو شەو دەردو فیراق‌و دەست لەسەر دەستی بەتاڵ
خۆ ئەرز زۆرو فەراحە من لە کۆیە بۆ نەڕۆم ؟ !

شاعیر تا ئێرە لە شیعری سیاسی‌دا تەنها دەردی کۆمەڵایەتی‌و ئابووری ناو کۆمەڵی کوردەواری دەست‌نیشان‌کردووە بەبێ ئەوەی دەرمانی شیفابەخشی بۆ بدۆزێتەوە ، بەڵام لە چەند هۆنراوەیەکی دیکەی‌دا لەپاڵ دەست‌نیشان‌کردنی دەردەکان ، دەبینین وەك سیاسی‌یەکی تێکۆشەری قاڵبووەوە ، بە شێوەیێکی زانستییانەی ڕاست‌و ڕەوان ڕەگەزی چارەسەرکردنیان بۆ دەست‌نیشان‌دەکات‌و لەو باوەڕەدایە کە چینی زەحمەتکێشی میللەت دەورێکی بنەڕەتی لە تێکۆشانی ئازادی‌خوازی‌دا هەیە ، هەروەك دەڵێ :—

چینی کارگەر ئاشی ئازادی نەگێڕێ گەر بە خوێن
بێ سەروپا هەر دەناڵێ ، خاکی غەمگینت هەیە
سام‌و هێزی کارگەرانە بۆتە «کۆمۆنەی فەرەنگ»
قارەکان هەر پێنج دەڵێن : «تۆ توڕڕەی خوێنێنت هەیە» (١٨)

وەك لەم پارچە شیعرەی ووردەبینەوە ، هەست‌دەکەین شاعیرمان زانیاری‌و ڕۆشنبیرییێکی سیاسی هەیەو ، ئەو ڕاستی‌یە

سەلمێنراوە باش دەزانێ کە ئەگەر لە خەباتی نیشتمانیو میللەتپەروەری‌دا چینی کارگەر ڕەورەوەی تێکۆشانی شۆڕشگێڕیی بە هێزی خوێنی فیداکاری نەسوورێنێ، خاکی نیشتمان هەر بە ژێردەستیو غەمگینی دەمێنێتەوە. هەر بە ئەوەندە زانیاری‌یە سیاسی‌یەش ناوەستێ، بەڵکو «کۆمۆنەی پاریس»مان دێنێتەوەیاد، کە چینی کارگەرانی فەرەنسا لە (مانگی ئاداری ١٨٧١)ەوە تاکوو ڕۆژی (٢٨ی ئایاری هەمان ساڵ) بەڕێوەیان دەبردو، بە یەکەمین تاقی‌کردنەوەی حوکمی سۆشیالیستی لە جیهان‌دا دادەنرێ. ئاگاداریی لەو جۆرە ڕووداوو تاقی‌کردنەوە سیاسییانەی وولاتانی جیهان، نیشانەی ڕۆشنبیریو هوشیاریی سیاسی شاعیرە.

سامی عەودالّ لە بواری شیعری سیاسی‌دا نایەوێ هەر بنەڕەتو ڕێو شوێنی خەباتی شۆڕشگێڕیی بۆ جەماوەری میللەتە تێکۆشەرەکەی دابنێ، بەڵکوو دەیەوێ خۆیشی وەکوو ڕابەرێکی ئەو خەباتە میللی‌یە بێتە مەیدانی تێکۆشانو خۆبەخت‌کردنو سەری خۆی لەپێناوی سەرکەوتنی هەژاران دابنێ، هەروەك لە هۆنراوەیەکی ناوداری‌دا کە بە ناونیشانی «خۆبەخت کردن»ە ئەم هەڵوێستە شۆڕشگێڕی‌یەی خۆی دەربڕیوەو، لە سەرەتادا ئەوە دەردەخات کە هەرچەندە هەموو گۆشتو ئێسقانی جەستەی شەقشەقبکرێنو بۆ ئازاردانی لەشی خوێ لە برینەکانی بکرێتو لاشەو گیانی بکرێن بە چراوگی شەوی تاری خەباتی شۆڕشگێڕیی، ئەوا هەر بێباکانە دێتە مەیدانی تێکۆشانو ئازادی بۆ نیشتمانو میللەتەکەی خۆی دەوێ، چونکە لەو قەناعەتەدایە، ئەگەر لە پێناوی سەرکەوتنی چینی هەژاران نەسووتێو نەخنکێ، ئۆخژنی دڵی نایە، هەروەك لە سەرەتای هۆنراوەکەی‌دا دەڵێ:—

قەلبی من گەر چەشنی لالە بێتو نەوتی تێبکەن
ئاگری دوژمن بێتە گیانم وەك چرا من پێ‌بکەن
شەقشەقی‌کەن گۆشتو ئێسقان یەك بە یەك خوێی تێبکەن
بێ ترس من دێمە مەیدان حوکمە ئازادیم دەوێ،
گەر نەسووتێمو نەخنکێم چۆن هەژارم سەرکەوێ[19] ؟!

شاعیری هوشیارمان لەو باوەڕە ڕاستو تەواوەدایە، کە هەر کەسێکی هەرچەندە تێکۆشەربێ، ئەگەر لە ناو جەرگەی هەژاران‌دا نەژیو هەست بە ئێشو ئازاری چەوسانەوەیان نەکاتو ئەگەر هەستیشی‌کرد ئەگەر شان‌بەشانی ئەوان لە پێناوی خۆش‌بەختیو کامەرانییان تێنەکۆشێو لە شەوی پڕ ترسو تاریکی میللەتە دواکەوتووەکەی‌دا خۆی نەسووتێنێ وەك چرای ڕووناك، چۆن کۆمەڵی هەژاران ڕێگای پێشکەوتن دەبیننو دەچنەپێشەوە؟ هەروەك «کەرەم»ی نموونەی عیشقو فیداکاری بۆ «ئاصلی»ی یارە خۆشەویستەکەی ناو هۆنراوەیەکی شاعیری هاوچەرخی تورك «ناظم حیکمەت» کە چۆن لە عیشقی ئەو یارەی‌دا خۆی سووتاندووەو بووە بە چنگێ خۆڵەمێش[20]، سامی عەودالّیش لە پێناوی عیشقی چەوساوەکانی میللەتەکەی‌دا دەیەوێ خۆی بسووتێنێو ببێتە خاكو خۆڵەمێشو دەڵێ:—

نەچمە ناو جەرگەی هەژارو شان بە شانی وەك برا
ڕووحو لاشەم ئێش نەکا بۆ میللەتێکی هەق‌خورا[21]
بۆ شەوی پڕ ترسو تارێك من نەسووتێم وەك چرا
کۆمەڵی دامای هەژاران چۆن دەبینن بچنەپێش
لێم گەڕێن من بابسووتێم ببمە خاكو خۆڵەمێش

خۆسووتاندنی شاعیر لە پێناوی پێگەیشتنو پێشکەوتنی هەژارانە، لە پێناوی تێگەیشتنو سەرکەوتنی لاوەکانی نەتەوەکەیەتی، هێزێکی گیانی‌یە بۆ چینی چەوساوە تاکو بێتە مەیدانی خەباتی شۆڕشگێڕییو خۆی بەخت بکات لە پێناوی دەستگیربوونی مافی ڕەوای ژیانیو دەڵێ:—

ببمە خاكو خۆڵەمێش تاکو هەژارم پێ‌بگا
بابسووتێم بەڵکوو گەنجو لاوەکانم تێبگا[22]
بێتە مەیدان خوێن بڕێژێ تا هەقی خۆی پێ‌بگا
تا بزانێ غەرقی خوێنە، کێ هەقی وی[23] خواردووە
یا لە بۆ هەق خوێن بڕێژێ دەرچێ دوژمن تازووە

شاعیر دەیەوێ بیرو باوەڕی چەوت و بۆگەن لە ناو مێشکی ڕۆڵەکانی میللەت نەمێنن ، نەبادا سەرپاکی نەتەوەکەی پێیان دەردەدارو نەخۆش بێ و دەڵێ مردن گەلێ خۆشە لەپێناوی لابردنی ئەو جۆرە دەردو بەڵایانە ، لەوەی کارگەری هەژار بە برسیەتی و ڕووت و ڕەجاڵی بژی و لە پارچەی چوارەمی هۆنراوەکەی دا دەڵێ :-

تا لە ناو میللەت نەمێنێ فیکری ئینسانی دەنی
نەك لەناو مێشك بمێنێ ، ببتە ماددەی بۆگەنی (٢٤)
شەعبی چاکی پێ نەخۆش بێ ، بێتە حاڵی مردنی
خۆشە مردن بۆ بەڵای وا هیچ و پووچ و پڕ خەتەر
نەك بژی عامیل بە برسی و ڕووت و قووت و قوڕ بەسەر

شاعیری هەژاری تێکۆشەرمان ، نایەوێ بە زیللەت بژی بەڵکو دەیەوێ خۆی بکات بە قوربانی گەلەکەی ، چونکە لای ڕووناك و ئاشکرایە ، هەر کەسێکی لە ڕێگەی نیشتمان و میللەتەکەی دا خۆی بەختبکات و بمرێ شەهیدەو ناوی هەر بە نەمری دەمێنێتەوەو بە خۆی دەڵێ : جا کەواتە خۆت بە قوربانی گەلەکەت بکە ، چونکە قوربانی دان لە پێناوی سەربەستی نیشتمان و ئازادی میللەت ئەرکێکی پیرۆزی سەر شانی مرۆڤی خەباتگێڕەو دەڵێ :-

«سامی» قوربانی گەلت بە قەت مەژی بەو زیللەتە
هەر کەسێ بمرێ لە ڕێگای نیشتمان و میللەتا ،
نامرێ هەردەم دەمێنێ چونکە خاوەن غیرەتە
خۆت بە قوربانی گەلت کە فەرزە قوربانی لەبۆ
نیشتمانی حورو سەربەست ، ئوممەتێکی سەربەخۆ

بەم جۆرە سامی عەودالْ تاقی کردنەوەیێکی بەپێتی لە شیعری سیاسی ی کوردی دا کردووەو ، هەندێ ڕەمزو چەمکی نوێ ی خستۆتە ناو ئەدەبی تێکۆشانی نیشتمانی و چینایەتی و ، بەم کارەیشی لە سەردەمی چلەکانەوە بەردێکی پتەوی لە بنچینەی نەلاری ئەدەبی شۆڕشگێڕی کوردی دا چەسپاندووەو ڕێگەی بۆ شاعیرانی دیکەی نەتەوەی کورد خۆش کردووە تاکو ئەو تەلارە تەواوبکەن و ، هێزی بازووی تێکۆشان و خامەی ئەدەبی شۆڕشگێڕی بکەن بە چەك و پشتیوانی خەباتی میللەتی تێکۆشەر لەپێناوی سەربەرزی نیشتمان و ئازادی و بەختیاری کۆمەڵی هەژاران .

## پەراوێزەکان :

(١) - سابیر حەمەد تەها - هاوکاری - ژمارە (١٦٦)ی ڕۆژی ١٩٧٣/٥/١١

(٢) - پێشەکی چەپکێك لە شیعرەکانی سامی عەودالْ - بەغدا ١٩٨٣ ، ل ٣

(٣) - ڕۆژنامەی هاوکاری - ژمارە (١٦٦)ی ڕۆژی ١٩٨٣/٥/١١

(٤) - چەپکێك لە شیعرەکانی سامی عەودالْ - بەغدا ١٩٨٣ ، ل ٢١

(٥) - لە دیوانی سامی عەودالْ - دەستنووس - ل ١٥١ دابەم جۆرەی سەرەوە هاتووە ، دەنا لە چەپکە شیعرە چاپکراوەکەی دا ئەو نیوە دێڕەی دووەم بەم جۆرەی خوارەوە نووسراوە :-

«ئینجە بوو گەر هاتە گوڵشەن چاوەڕێم کەی دێتەوە؟» ل : ٥٩

(٧) - دیوانی سامی عەودالْ - دەستنووس - ل : ٣٥ ، لە چەپکە شیعرە چاپکراوەکەی دا بەم جۆرەیە : «چەندە خۆشە دوو هەژاران شەرت ببەستن پێکەوە» ل : ٥٩

(٨) - چەپکێك لە شیعرەکانی سامی عەودالْ - بەغدا ، ل : ٦٣

(٩) - هەمان سەرچاوە ، ل : ٧٠

(١٠) - هەمان سەرچاوە ، ل ٢٩

(١١) - دیوانی سامی عەودالْ - دەستنووس - ل ١٤٩

(١٢) - هەمان سەراچوە - ل : ١٥٤

(١٣) - دیوانی قانیع - چ ١ ، بەغدا ١٩٧٩ ، ل : ٢٦٨

(١٤) - دیوانی سامی عەودالْ - دەستنووس ، ل : ١٥٧

(١٥) - چەپکێك لە شیعرەکانی سامی عەودالْ - بەغدا ١٩٨٣ ، ل ٦١

(١٦) - هەمان سەرچاوە ، ل : ٤٨

(١٧) - هەمان سەرچاوە ، ل : ٤٠

(١٨) - دیوانی سامی عەودالْ - دەستنووس - ١٤٣

(١٩) - ڕۆژنامەی عیراق - بەغدا ، ل : ٧ ، ژمارە (٢٧٤٣) لە ڕۆژی ١٩٨٥/٢/٦ - لێکۆڵینەوەیەك بە ناونیشانی «شیعرێکی نازم حیکمەت و سێ شاعیری کورد»

(٢٠) - من شعر ناظم حكت - ترجمة وتقديم الدكتور علي سعد - بيروت ١٩٥٢ ، ص ٥٢

(٢١) - هەقخورا = لە جیاتی (هەقخوراو)ی بەکارهێناوە ، لەبەر کێشی شیعرەکە .

(٢٢) - لاوەکانم تێ بگا - لە جیاتی (لاوەکانم تێ بگەن)ی بەکارهێناوە لەبەر سەروای شیعرەکە

(٢٣) - هەقی وی = هەقی ئەو .

(٢٤) - بۆگەنی : لەجیاتی «بۆگەن» ، لەبەر کێش و سەروای شیعرەکە .